# لێکترازانی حککاو پەیامەکانی!

**محسن کریم**

ئێمە هەلسوراوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری بەنارەحەتیەکی زۆرەوە بەرەو رووی ئەم رووداوە بووینەوە. لیکترازانی حیزبێك کە مەنسوری حیکمەت دامەزرێنەرو رابەری بوو، تەنها دوای دوو ساڵ لە مەرگی، ئاواتی دوژمنەکانی بزوتنەوەی ئێمەی هێنایەدی. بە هەمان شێوەش نیگەرانی بەرهەقی دۆستەکانمانیشی دەریارەی ئایندەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دوای مەنسوری حیکمەت تەئکید کرد! غروری ئێمە لە وجودی مەنسوری حیکمەتدا کە دەمان گووت: حیزبو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری قابیلی ئەزمەنی‌یە، لەلایەن کۆمەڵگاو هێزە سیاسیەکانیشەوە قبولْ کرابوو. تەنانەت دوژمنەکانیشمان بێدەسەلات بەرامبەر بەتۆکمەیی سیاسیو ئینسیجامی نیوخۆیی حیزبو بزووتنەوەکەمان رقی خۆیان بەسەر مەنسوری حیکەتدا دەباراند. بەداخەوە دەبێ تا ماوەیەك خەریکی نەهێشتنی نیگەرانی دۆستەکمانمان بینو وەڵامیش بە جەنگی نەفسی دوژنەکانمان دژی کۆمۆنیزمی کرێکاریو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بدەینەوە. هاوکاتیش دەبێ بزووتنەوەی ئێمە بە سوود وەرگرتن لەم تەجروبەیەی خۆی، دووبارە لەسەر بنەمای سونەتی مەنسوری حیکمەت ئینسیجامی نێوخۆییو سونەتی حیزبی سیاسی_کۆمەڵایەتی توندو تۆکمەتر بکات...

بەڵام تێپەراندنی ئەم وەزعیەتەی ئێستاو سوودوەرگرتن لەم تەجرەبەیە بەلێکدانەوەی دروستو مارکسیستی‌یانەی ئەم رووداوە دەبێت. نیشاندانی نیگەرانیو هەڵویستی ئەخلاقیو عاتیفیو سەرزەنشت کردنو لێکدانەوەی رواڵەتی‌یانە بێجکە لە نەفرەتکردن لە هەموو شتێك بە جێگایەکی دیکە ناگات. بۆچی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تووشی جیابوونەوەو لێکترازان هات؟ ئایا کۆمۆنیزمی کرێکاریش تووشی ئەزمە دەبێت؟ ئایا هۆکارەکەی بوونی خیلافی سیاسیو بۆچوونی سیاسی جیاوازبوو لەناو حیزبدا؟ ئایا ناکرێت لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا بۆچوونی جیاواز هەبێت!؟ ئایا تەنها بە سەرهەڵدانی خیلافی سیاسی لەناو حیزبداو ئەویش هێشتا لە ئاستی رابەریدا دەبێتە مایەی لێکترازانو جیابوونەوەی حیزب!؟

من پیم وایە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری قابیلی ئەزمە نی‌یە. کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرنامەی رۆشنی هەیەو وەڵامیشی بۆمەسەلە هەرە ئەساسیە سیاسیو فکری‌یەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ پێیە. باس‌ونووسراوەکانی مەنسوری حیکمەت وەکو تەواوکەری مارکسیزمو دریژەپێدەری سونەتی لینین لە بواری حیزبی سیاسی کۆمۆنیستیو دەسەلاتو دەوڵەتی کرێکاری‌دا ، چەکێکی کارامەی داوەتە دەست هەڵسوراوانو خەباتکارانی ئەم بزووتنەوەیە کە دەتوانن بزوتنەوەو چینەکەیان بەرەو سەرکەوتنو بەرەو دەسەڵاتی سیاسی بەرن. هەروەها بوونی بۆچوونی جیاوازو تەنانەت خیلافی سیاسی لەناو حیزبدا شتێکی سەیرو نەشیاو نی‌یە. حیزبی لینینو بەلشەفیەکانو خودی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەورانی مەنسوری حیکمەت بەم جۆرە بووە. لەناو حیزبێکی سیاسی کۆمەڵایەتیدا، حیزبێك کە خەریکی کار بێت لەناو کۆمەڵگاو وەڵامدانەوە بە مەسائیلو گرێ سیاسیەکانی کۆمەڵگای کردبێتە وەزیفەی خۆی، خەریکی رێکخستنی جەماوەری کرێکارو بێبەشی کۆمەڵگا بێت بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسیو گۆڕانکاری ریشەیی لە شێوازی ژیانو گوزەرانو بیناکردنی کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسان، بێگومان بۆچوونی جیاوازو وەلامدانەوەی جیاوازو لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەو گرێو دیاردەو مەسەلانەی روبەرووی بزوتنەوەو چینی‌کرێکار دەبێتەوەو چۆنیەتیو رێگاکانی گەیشتن بەو ئامانجانەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە پێش دەمی خۆی داناوە دێنە ئاراوە. ئایدیۆلۆجیای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مارکسیزمە، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری رێکخراوو یەکێتیەکی ئایدیۆلۆجی نی‌یە. رێکخراوو یەکێتیەکی سیاسی‌یە کە بەرنامەیەکی سیاسیو ئامانجێکی هاوبەشی هەیە، وە لەسەر بنچینەی باسو جەدەلی سیاسی هوشیارانەو شەفاف هاودڵیو ئینسجامی سیاسیو یەکێتی پراتیکی سیاسیو حیزبی

بەردەوام پێك دێتو دوبارەش پێك دێتەوە. ئەگەر ئەم خەسڵەتە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەربگریتەوە ئەوە بێجگە لە مەحفەلێکی ئایدیۆلۆجی زیاتر هیچی نامێنیتەوە. ئەوەی کەحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی دووچاری لێکترازان کرد بوونی بۆچوونی سیاسی جیاوازیش نەبوو، کە بێگومان بۆچوونی سیاسی جیاوازی هەبوو. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لە دوو ڕێیانێکدا قەراری گرتبوو. یا دەبوو بە تەواوی تەحویل بێت بەو مەحفەلە ئایدیۆلۆژیەو خەسڵەتی حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی کۆمەڵایەتی لە دەست بدات، یان ئەو خەسڵەتەی بپارێزێت. کێشەی نێوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران کە ئیتر نەیتوانی نیوخۆیی بمێنێتەوە، لەسەر ئەم خەسڵەتەی خودی حیزب بوو. دوو بۆچوون بۆ خودی حیزب، کە لە غیابی مەنسوری حیکمەتدا، هەر یەکەیان ڕێگای لێك دوورکەوتنەوەیان هەلبژاردو نەیانتوانی لەگەڵ یەکتردا هەڵبکەن.

ئەگەرچی ئەو باڵەی کەلەناو حیزبدا ماوەتەوە لێکدانەوەی بۆ ناکۆکیەکانی ناوحیزب ئەوەیە کە بۆچوونی"ڕاست"لەناو ڕابەری حیزبدا هەبووەو جیابوونەوەی زۆربەی کۆمیتەی ناوەندی و ریزێکی فراوان لە کادرانی سەرشوناسی حیزب بە شکستی باڵی"ڕاست"و سەرکەوتنی باڵی"چەپ" پێناسە دەکات، بەڵام بە ئاگاداربوون لەمێژووی ئەم جیاوازیو ناکۆکیانەی ناوحیزب دەکرێت نەك هەر سەتحیگەری بەڵکو ناراستیو چەواشەرکاری ئەم لێکدانەوەیە ببینرێت! ئەو هاورێیانەی کە ئەم جۆرە لێکدانەوەیان هەیە باسی دووساڵ لە کێشمەکێشو جیدالی سیاسی لەگەڵ بۆچوونی سیاسی"ڕاسترەو" لەناو ڕابەری حیزبدا دەکەن، سەرەتای ئەم مێژووەش دەبەنەوە بۆئەو باسە سیاسیەی کورش کە لە پلینۆمی(16)و لە ئابی2002دا دەربارەی( ڕووخانی جمهوری ئیسلامی ئێران) خستویەتەروو. بەڵام بە بەڵگەی نوسراوی خۆیان، ناراستیو پووچی ئەم ئیدیعایەیان دەسەلمێت. هاورێ حەمیدی تەقوایی لیدەری حیزب لە نامەی  فیبریوەری 2004 یدا سەبارەت بە کۆنگرەی (4) ی حیزب دەڵێت: (....گوایە کۆنگرە سەرکەوتنی بلۆکی چەپ بوە بەسەر ڕاستدا! من باوەرم بە بوونی ئەم جۆرە بلۆکانە لە حیزبدا نییە...) هەروەها لە نامەی هاوبەشی (12)ی مارسی 2004ی لیدەرو مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران هاتووە:( ئەو لێکدانەوەیەی کەپێ وایە دوو بلۆکی ڕاستو چەپ لە حیزبدا هەیە لێکدانەوەیەکی بێبنەماو پووچە... ئەم ناکۆکیانە لەو ئاستەدا نییە کە ڕابەریو بەدەنەی حیزبی ئێمە بۆ دو و بلۆکی سیاسی جیاواز ئەویش بە شێوەی چەپو ڕاست دابەش بکات. دابەشکردنو بلۆکبەندی ڕابەریو ئەندامانی حیزب بە ڕاستو چەپ، بە لایەنگرانو نەیارانی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، بێ بناغەو ناواقعیيەو هەر بەم هۆیەشەوە بە توندی تێکدەرانەو زیانبەخشە).. بەڵام تەنها دوای 2-3 مانگ لەم لێکدانەوەیە بۆ ناکۆکیەکانی ناو ڕابەری، ناکۆکی سیاسی ناو ڕابەری حیزبو بلۆکبەندی ڕاستو چەپ بەو ڕادەیە گەیشت کە گوایە ڕێگای یەکلاییکردنەوەو بەسەرەنجام گەیاندنی بەرپاکردنی"کۆنگرەی نائاسایی ئەندامان"ە، نەك تەنانەت کۆنگرەی نائاسایی نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی حیزب! ئەم هاورێیانە بۆ پەیداکردنی بنچینەیەك بۆ لێکدانەوەکەیان دەربارەی "ڕاست"بوونی باڵی نەیاریان پەنایان بۆ چەند ووشەیەکی ناو ئەو باسەی دووساڵ لەمەوبەری کۆرش بردووەو مۆری"ڕاسترەوی" لە کۆرش دەدەن! ئەم لەزگەیەشیان ئامادەیە بۆئەوەی بەنێوچەوانی هەر کەسێکیەوە بکوتن کە نەچێتە ژێر باڵی ئەوانەوە ! ئەم باڵە بەداخەوە کە تێروانینی ئایدیۆلۆژیو مەحفەلیيان لە حیزب هەیە، توانای  تەحەمولکردنی خیلافی سیاسیيان نەبوو لەناو حیزبدا. لەژێر ناوی "کردنەدەرەوەی بۆچوونی ڕاست لەناو حیزبی کۆکۆنیستی کرێکاریدا" لە ڕێگای ڕاگیری ئەندامانەوە، ڕێگایەکیان بۆ تەرەفی بەرامبەریان نەهێشتەوە بێجگە لە جێهێشتنی حیزبو پێکهێنانی حیزبێکی دیکە لەسەر بنەمای سونەتی حیزبی مەنسوری حیکمەتو هێشتنەوەی خەسڵەتی سیاسی کۆمەڵایەتی  حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری. بە پێچەوانەی سونەتی مەنسوری حیکمەتەوە، کە بۆ کردنەدەرەوەی بۆچوونە سیاسیە نامۆو ناکۆکەکان بە کۆمۆنیزمی کرێکاری لەناو حیزبو بزووتنەوەکەدا ڕێگای باسو جەدەلی سیاسیو ڕوونکردنەوەو قەناعەت پێکردنی هەڵدەبژارد، بەبێ ئەوەی مۆری چەپو ڕاست بە کەسەوە بنێو بێئەوەی داوای تۆبەکردن لەهیچ کەسێك بکات، بێ ئەوەی کەسێك ناچار بەجێهێشتنی پۆستی ڕابەری حیزب بکات، وە تەنانەت دڵسۆزانە

ڕێگای دروستی دەخستە پێشدەمی نەیارە سیاسیەکانیشیەوە، بەڵی بەپێچەوانەی مەنسوری حیکمەتەوە ئەو هاوڕێیانە بۆ کردنە دەرەوەی زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لەپۆستی رابەری حیزب، ڕێگایەکی ئوسوڵی سیاسی‌یان شك نەبرد! نە حسابیان بۆ کۆمییتەی ناوەندی‌و پلینۆمی کۆمینەی ناوەندی‌و نەحسابیان بۆ چوارچێوەو ئۆرگانە حیزبی‌یە ڕەسمی‌یەکان کرد. لیدەرێك کە خۆی هەڵبژێردراوی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی‌یەو لابردن‌و دانانەوەی لە سەڵاحیەتی ئەم کۆمیتەیەدایە، لە سەرووی کۆمیتەکەوەو بە پشتبەستن بە کەمایەتی کۆمیتەی ناوەندی بریارێکی عەجولانەو سەرپێ‌یی بۆ بەرپاکردنی کۆنگرەی نائاسایی ڕاگەیاند! ڕاگەیاندنی(11) سێپتێمبەر بۆ بەستنی کۆنگرەو دواتر گۆرینی بۆ17ی مانگ، خەسڵەتی شپرزەیی سیاسی‌و سەرپێ‌یی بوونی بریاری لیدەرو رابەری باڵی خۆ بە"چەپ" زانی خستە روو.

بە بروای من ئەم هاوڕێیانەی کە ناوی چەپیان لەخۆ ناوە، لەوەشدا حسابات‌و لێکدانەوەکەیان ڕاست دەرنەچوو کەپێیان وابوو بە کوتانی مۆری"ڕاست" لە کۆرشی مودەریسی‌و بە ئیدیعای چەپبوون‌و میراتگری‌یان بۆ هاوری مەنسوری حیکمەت ئەتوانن کۆرش‌و لە خراپترین حاڵەتیشداچەند ئەندامێکی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی لەرابەری حیزب‌و بزووتنەوەکە بکەنە دەرەوەو خۆیان لەسەر کورسی دەسەڵاتی حیزب‌و بزووتنەوەکە دابنیشن! بە پێچەوانەوە بەشی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌و کادرو ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران‌و هەروەها حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیان لێ جیابوەوە! لەمەشدا بە سونەتی مەنسوری حیکمەت نامۆبوون. لە تەجروبەی ئەو لەگەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران‌و لەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هیچ فێر نەبوون! ئەوەندەی لێوە فێرنەبوون کە ئەو هەموو رابەرو کادرەی بزووتنەوەکە تەسلیمی گرایشی" ڕاست" ناکەن!

ئێستا بۆ پاکانەکردنی ئەم بۆچوون‌و سونەتە سیاسی‌یە مەحفەلی‌یەیان هەموو ئەم کادرانەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری_حیمەتیست‌و رابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە "ڕاست" لەقەڵەم دەدەن! عەجیب لێکدانەوەیەکی مارکسیستی‌یە! سەرەتا کۆرش" ڕاست"بوو، دواتر"بلۆکی چەپ‌و ڕاست" لە حیزبدا ناواقعی‌و پووچ بوو، دواتر بۆ دەرکردنی بۆچوونی "ڕاست" لەحیزبدا بریاری قەرەقوشی لیدەرو پاشان ناونانی زۆربەی رابەران‌و کادرانی حیزب کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران کە ناچار بە جێهێشتنی حیزب کران و حیزبی حیکمەتیست بە"ڕاست" و ئینجا لەبەرئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق پشتیوانی لە حیزبی حیکمەتیست ئەکات، رابەرانی"چەپ"ی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، رابەری حیزبی عێراقیش دەخەنە ناو لیستی "ڕاست"ەوەو بە ئاشکرا بانگەوازی کادرو ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەکەن دژی ئەم" بەرەو ڕاست وەرگەرانە"ی رابەریەکەیان ڕاپەرن، بەڵام بە ڕەچاوکردنی "ئوسوڵی حیزبی"! بەراستی ئامۆژگارێکی دڵگەورەو بە ویژدانن! ئایا هاوڕێیانی ئێمەش وەکو لیدەرو ئەندامانی رابەرایەتی ئێستای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران ڕەچاوی پێوانەو ئوسوڵە حیزبیەکان بکەن!؟

ئەم هاوڕێ"چەپ"انەمان لەجیاتی ئەوەی تووشی شیرزەیی‌و تەعەسوبی سیاسی‌و تەشکیلاتی بوون لەبەرامبەر ئەو هەڵویستەی حیزبی ئێمەدا، ئەیانتوانی ڕێگای ئوسوڵی سیاسی‌و دیالۆگی دۆستانەیان بگرتایەتە پێش تا ئەوانیش تووشی هەڵوێستی"چەپرەوانە"ی مۆرو لەزگە لێدان نەبونایە! کۆمەڵگای عێراق ئەو لەزگەیەتان لێوەرناگرێت کە لە گیرفانتاندا دەری دەهێنن‌و دەینێن بە حیزبی ئێمەوە! رابەری‌و کادرو هەڵسوراوانی ئەم حیزبە مێژوویەکی دە ساڵەی خەباتی کۆمۆنیستی‌و یەکسانیخوازیان لەپشتی سەر ناوەو کۆمەڵکای عێراق لە هەڵسوران‌و پراتیکی سیاسی و حیزبی ئەم هەڵسوراوانەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری‌یەوە بە فکرو بۆچوون‌و سونەتی سیاسی‌و کۆمۆنیستی‌و ئینسانی مەنسوری حیکمەت ئاشنا بوون. دنیا بەپێی عەقڵی ئێوە نی‌یە تا چیتان پێ‌خۆش بێت‌و چی مۆرێك لەهەرکەسێك بدەن لێتان وەربگرێت...

بەر لە كۆتایی پێویستە ئەوە بڵێم كە ئەم هاورێ بەرێزانەمان كە ئەوەندە لە هەڵویستی رابەریو حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق تورەو نارەحەتن، وە داوا دەكەن سەركوتی هاورێیانی خۆمان نەكەینو لە باسەكانو جیاوازییە سیاسیەكان ئاگاداریان بكەین، خۆیان تا ئەم مانگەی دووایی رێگایان بەوە نەدەدا كە باسە دەرونیەكانی ناو حیزبی ئێران بخرێتە بەردەستی كادرانی حیزبی عێراقو تەنانەت بەشێكی زۆری ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی ئێمە كە فرسەتیان نەبووبوو تا ئەوكاتە لە كۆنگرەو پلینۆمەكانی حیزبی ئێراندا بەشداری بكەن. دواتریش كە ئاگادار بووین، نەك حسابیان بۆ بەشداری ئێمە نەكرد لەو كێشانەدا تا بتوانین پێكەوە پێشبگرین بە رووداوێك كە پەیوەندی بە چارەنووسی سیاسیو تەنانەن ژیانو شەخسیەتی سیاسیشمانەوە هەبوو، بەڵكو زۆر نامەسئولانەو گەورە سالارانە مامەڵەی نامەی لیدەری حیزبی ئێمەیان كردو گوێیان بۆ داوا و پەیامە یەك یەدوای یەكەكانی لیدەرو مەكتەبی سیاسی حیزبی ئێمە نەگرت بۆ هێور كردنەوەی بارودۆخەكەو پێشوازی كردن لەو فرسەتەی كەنامەی(22) نەفەری كۆمیتەی ناوەندی خستیە پێش دەمی لیدەری حیزبی ئێرانو هاورێبازەكانی لە كۆمیتەی ناوەندیدا. ئێستاش ریاكارانە( داوای لێبووردن ئەكەن كەناچارم وابڵێم) داوای مافی كادرو ئەندامانی حیزبی ئێمە لە رابەرایەتی حیزب دەكەن!

لەكۆتاییدا ئەوە بەم هاورێیانەمان بڵێم كە رابەریكردنی شۆرشو گرتنی دەسەلاتی سیاسیو دامەزراندنی جمهوری سۆشیالیستی بە شیعاردانو تەبلیغاتی بەرواڵەت رادیكاڵو بە هاندانو جولاندنی ئیحساسات نابێت. رابەری كردنی شۆرشو گرتنی دەسەلات مەسەلەیەكی پراتیكی_سیاسی_جەماوەری حیزبیكی سیاسی كۆمەلایەتی ماركسیستە. بەداخەوە ئێوە لەم حیزبە دوور كەوتونەتەوە. نەچوەو بچێت دەتوانن بەگەرانەوە بۆ سونەتی مەنسوری حیكمەت جێپێكانتان لەناو بزووتنەوەكەدا نەسرنەوە! مێژووی خۆتان تف لێ مەكەن!

**بژی كۆمۆنیزمی كرێكاری**

**بژی مەنسوری حیكمەت**

**بژی جمهوری سۆشیالیستی**

2004-9-3